Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی ژمارە ١٢ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

## نارەزایی و مانگرتن لە شارەکانی سەقز و بۆکان بەردەوامە

ئەمڕۆ شاری سەقز بۆ نارەزایی دەربڕین بە کوشتنی خەڵکی کوردستان بە تەواوی داخرا و هێزەکانی رژیم لە هەموو شوێنەکانی شار جێگیر بوون. ئازار و ئەشکەنجەی گیراوەکان بەردەوامە.

شاری بۆکانیش لە درێژەی نارەزاییەکانی پێشوودا، ئەمڕۆ دەستی دایە مانگرتن و دووکان و بازاڕی شار داخران.

لە لایەکی دیکەوە حوکمی داخستنی هەمیشەیی حەوتوونامەی ئاسۆ و حوکمی داخستنی حەوتوونامەی ئاشتی بە شێوەی کاتی لە لایەن دادگاوە دەرچووە.

رژیم لە هەموو کوردستان دەستی داوەتە هەڵخراندن و تەنانەت لە چەندین نموونەدا دەست و پێوەندەکانی خۆی دەستیان داوەتە هێرش بۆ سەر بانگەکان و بە ئاشکرا سووتاندنی حسێنیەی شاری سەقز لە لایەن دەستوپێوەندەکانی رژیمەوە بەڕێوەچووە هەتا بۆنی ئایینی و دینی بە خەبات و نارەزاییە سیاسیەکانی خەڵك بدات و بیانوویەکی تر بۆ سەرکوتی بەرینی خەڵك بە دەستەوە بگرێت.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٣-٠٥-١٣٨٤
٠٤-٠٨-٢٠٠٥

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٣٨٤٩٩
Mobile: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٠٥١٣٤
**Fax:** ٠٠٤٤٧٠٤٣١٤٠٤٤٩